بەشی (2)          (( ئەم شەو من و باو سێبەر ))

larzobaker@hotmail.com
لارزۆ بەکر 1997 ... تاد

ئـەوەتـانـیّ!
ئەستێرەیەک لەبەر دەرگاکەم دانیشتووە
ڕووەو ئاوێنە تەڵخەکانی تەمەن
چەقیوەتە شوێن ساڵنامەی خۆخواردنەوەیەک ،
سووتـــــان وەرزی تەمەنە ئەم شەو
یـالەشکری پێدەشتی کۆچە ؟
نـــــا دەست هەڵێنە گیانە
مردو ڕێبوارێکەو بەسەر خۆی دا دەچەمیّ .
ئـــازیــزەکـــەم ...............
پێمنەوتی ئەم شەو مەسیح ژوواندارە
قەت دەست ناخاتە نێو منداڵدانی ئارەزۆەکانی ،
(بـــــا)بەسە ئیترهەراسانم مەکە !
دوێنیّ سێبەر تێک شکاوبوو
نا ببوورە هەڵچوێکی مەی خوراوبوو
پــێـدەکەنی !!
پێکەنینێک تێکەڵ بەدۆزەخوو نەهێنی ..
دەیـوت................
کوانیّ ئەم سروشتە نسکۆبردووە
بۆ ئەم ئەشکە شیرینەم ناسریّ؟!
خۆمن برینێکی ســـوورم.......
ئەی کوانیّ بۆ (بـا)ت لەگەڵ نیە ؟
... وازبێنە..، ئەم گۆرانیە زۆر خۆشە !
لەنەهێنی حەزم نــاگـەی ...
ئارەزوی سەمایەکی خەفەکراوم
چش..لەم دڵە خەرەندەی من
چش..لەم دڵە بیّ ناسنامەم
حەزەساواکانم ئەوەتـانیّ...!
لەژێر زنارەکانی تانجەرۆدا سەرخەودەشکێنن .،
هۆ نەشـتـەرانی خانەنشـینم
ئەم شێتیە.،.،تێکەڵ بەچ کابوسێکی ئەوین دارە
چ بەنەهێنی خۆکوشتنی هەزاران نەهێنی تامەزرۆبوو.....